# هەرکاتێک خودا ویستی خێری بۆ بەندەکەوێت بوێت؛ ئەوا بەکاریدەهێنێت پێش ئەوەی بمرێت

لە عومەری جومەعیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکاتێک خودا ویستی خێری بۆ بەندەکەوێت بوێت؛ ئەوا بەکاریدەهێنێت پێش ئەوەی بمرێت»، پیاوێک پرسیاری کرد: بەکاریدەهێنێت بە مانای چی دێت؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خوای گەورە هیدایەتی دەدات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاک پێش ئەوەی بمرێت، پاشان لەو حاڵەتەیدا ڕۆحی دەکێشێت».
[صەحیحە] [ئەحمەد گێراویەتیەوە]

ئەگەر خوای گەورە خێری بۆ بەندەکەی بوێت ئەوا سەرکەوتووی دەکات وهیدایەتی دەدات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاک پێش مردنی هەتا لەسەر حاڵەتی ئەنجامدانی ئەو کردەوە چاکە دەمرێت، وبۆیە ژیانی لەسەر ئەنجامدانی کردەوەی چاک کۆتایی دێت ودەچێتە بەهەشتەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11203